https://www.doi.org/10.31918/twejer.2033.9

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# بنەمای پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

د. زوبێر ڕەسوڵ ئەحمەد

زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر-کۆلێژی زانستە سیاسییەکان

zubir.ahmed@su.edu.krd

**پوختە:**

بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندیی کورد و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەمیشە ئاڵۆز بووە. پرسیاری سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە ئایا ئەو پەیوەندییەی لە نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمریکا هەیە (١٩٩١-٢٠٢٠) چ جۆرە پەیوەندییەکە؟ ئایا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سیاسەتێکی دیاریکراوی هەیە بەرانبەر هەرێمی کوردستان؟ بۆ گەیشتن بە وەڵامی ئەم پرسیارە، پشتمان بە تیۆری ڕیالیزمی بونیادگەرایی بەستووە (Structural Realism)، بە تایبەتیش ئەو تێزەی کە "جۆن مێرشایمەر" گەشەیپێداوە بە ناوی ڕیالیزمی هێرشبەر – Offensive Realism، هەروەها بە قوتابخانەی ئینگلیزی بۆ ناسینی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی International Community یاخود، سیستمی نێودەوڵەتی– International Order. چونکە هەرێمی کوردستان لەناو چوارچێوەیەکی نێودەوڵەتی و سیستمێکی سیاسیی جیهانیدایە.

ئەرگومێنت و دەرەنجامی ئەو توێژینەوەیە ئەوەیە کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمریکا یان سیاسەتێکی ڕاستەوخۆی ئەمریکا بەرانبەر هەرێمی کوردستان تا ئێستا نییە. ئەمریکا هەمیشە لە چوارچێوەی پرسێکی تردا مامەڵەی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا کردووە. بۆیە گرنگە لە پرسی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئەمریکا لەو هاوکێشەیە تێبگەین کە پەیوەندیی ئەمریکا و هەرێم بە درێژایی مێژوو تا ئێستا هەمیشە لە چوارچێوەی پرسێکی تر و بابەتێکی تری هەرێمی یان نێودەوڵەتی بووە. ئەمریکا هەمیشە لە پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان ڕەچاوی پرەنسیپە ڕیالیستەکانی کردووە، بە تایبەتیش پاراستنی سیستم و فۆرمی دەوڵەتی هەرێمی (regional state system) و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.

**وشە کلیلییەکان :** هەرێمی کوردستان، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، عێراق، ڕیفراندۆم، سیستەمی نێودەوڵەتی و زلهێزەکان.

## بنەمای پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

### پێشەکی

پەیوەندییەکانی کورد و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە گشتی ڕەهەندێکی مێژوویی هەیە، تا ئێستا چ لە بواری مێژوو یان لە بواری زانستی سیاسیدا گفتوگۆی زۆری لەبارەوە کراوە، نووسینی زۆریشی لە بارەوە نووسراوە. دیارە لێکۆڵینەوە لە سیاسەت و ستراتیجیی ئەمریکا شتێکی وا ئاسان نییە، چونکە خودی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و بواری پەیوەندی دروستکردنیش لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پڕۆسەیەکی ئاڵۆزە. هەڵبەتە ئەمە زۆر ئاڵۆزتریشە بۆ گەلێکی بێدەوڵەتی وەک هەرێمی کوردستان کە پێگەی خۆی بزانێت لە سیاسەت و ئەجێندای ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. دەکرێت بەشێکی هەرە زۆری ئەو نووسینانەی کە تا ئێستا لەسەر پەیوەندییەکانی کورد و ئەمریکا نووسراون، دابەش بکەین بۆ دوو جۆر. بەشی یەکەم، کە کورد وەک دۆستێکی ئەمریکا لە ناوچەکەدا دەبینن، تا ئەو ئاستەی هەندێک هەرێمی کوردستان بە ئیسرائیلی دووەم دەبینن لە دۆستایەتی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا. بەشەکەی تری، وای دەبینن کە ئەوەی ئەمریکا و هەرێمی کوردستان بەیەکەوە دەبەستێتەوە تەنیا بەرژەوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، ئەگینا بەرژەوەندیی هاوبەش نییە لە نێوانیاندا.

لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوەشدا، وای دەبینن کە ئەمریکا هیچ سیاسەتێکی دەرەوەی ڕوونی نییە بەرانبەر هەرێمی کوردستان (Gunter, 2011, p. 104)[1]. ئەمە جگە لەوەی کە بەشێکی زۆری ئەو دیراسانەی کە تا ئێستا بەردەستن زۆر بە گشتی باسی پەیوەندیی کورد و ئەمریکا دەکەن، واتە جیاوازی ناکەن لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەشەکانی تری کوردستان.

لە ڕاستیدا هەردوو ئاراستەکە جۆرێک لە ڕەهایی بە دەرەنجەمەکانیانەوە دیارە لە هەمان کاتیشدا کەمتر دەچنە ناو وردەکارییەکانی پەیوەندییەکانی هەردوولا. لە ڕووی پشتبەستن بە تیۆرە زانستییەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی دەرەوەش کەموکوڕیان هەیە. ئەم تویژینەوەیە هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئەمریکا. هەڵبەتە مەبەست لە هەرێمی کوردستان ئەو قەوارە سیاسییەیە کە لە ساڵی ١٩٩٢ لە باکووری عێراقدا (باشووری کوردستان) دروستبووە، خاوەنی پەرلەمان و حکومەتی تایبەت بە خۆیەتی لە دەستووری نوێی عێراقیشدا (٢٠٠٥) بە شێوەیەکی فەرمی وەک هەرێمێکی نیمچە سەربەخۆ لە دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا دانپێدانراوە و خاوەن تایبەتمەندیی مێژوویی و سیاسی و نەتەوەیی خۆیەتی.

**پرسیاری سەرەکیی** ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە ئایا ئەو پەیوەندییەی لە نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هەیە (١٩٩١) تاوەکو ئێستا (٢٠٢٠) چ جۆرە پەیوەندییەکە و لەسەر چ بنەماییەکە؟ ئایا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سیاسەتێکی دیاریکراوی بەرانبەر هەرێمی کوردستان هەیە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، **گریمانەی سەرەکیی ئەو توێژینەوەیە** ئەوەیە کە **ئەو فاکتەرەی پەیوەندیی هەرێمی کوردستان و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دیاریدەکات هەمیشە پرسێکی ترە**، واتە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمریکا یان سیاسەتێکی ڕاستەوخۆی ئەمریکا بەرانبەر هەرێمی کوردستان تا ئێستا بوونی نییە. ئەمریکا هەمیشە لە چوارچێوەی پرسێکی تردا مامەڵەی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا کردووە. بۆ نموونە کە لە ساڵی ١٩٩٨ ئەمریکا لە کورد نزیک دەبێتەوە و شەڕی ناوەخۆ لە نێوان پارتی و یەکێتی کۆتایی پێدێنێت، ئەوە بۆ مەبەستی گوشار خستنە سەر عێراق و دروستکردنی بەرەیەکی عێراقییە بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی سەددام. کە لە دوای ٢٠٠٣ ئەمریکا پەیوەندی لەگەڵ هەرێم دروست دەکات ئەوا پەیوەستە بە بونیادنانەوە و دروستکردنەوەی عێراقی دوای ٢٠٠٣. واتە لە پەیوەندیی هەرێم و ئەمریکادا هەمیشە گۆڕاوێکی سەربەخۆ (پرسێکی تر) هەیە کە پەیوەندیی ئەو دوو لایەنە دیاری دەکات نەک خودی هەرێمی کوردستان.

**گرنگیی ئەو توێژینەوەیە** لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە بابەتێک تاوتوێ دەکات، کە جێگای مشتومڕ و قسە لەسەرکردنێکی زۆرە، چ لە بواری ئەکادیمی و زانستیدا بێت یانیش لە سەر ئاستی جەماوەریدا، بەڵام لە ڕاستیدا تا ئێستا وەک پێویست بە تایبەت بە زمانی کوردی توێژینەوەی ئەکادیمیی ورد و بێلایەنی لەبارەوە نەکراوە. لە ڕووی سیاسیشەوە دیسان گرنگە کە نوخبەی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا بزانێت کە پەیوەندیی هەرێمی کوردستان و ئەمریکا چ جۆرە پەیوەندییەکە، یاخود ئەم پەیوەندییە پەیوەستە بە چ فاکتەرێکەوە؟ بۆ قوتابییانی بواری زانستە سیاسییەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیش دیسان گرنگە کە بزانن پەیوەندیی هەرێم و ئەمریکا لەسە چ بنەمایەکە. لەم سۆنگەیەوە ئەم توێژینەوەیە دەتوانێت لە زۆر ڕووەوە گرنگ بێت بۆ

بواری ئاکادیمی و هەروەها بۆ داڕشتنی بڕیاری سیاسیش لە هەرێمی کوردستاندا.

**میتۆدەکانی ئەم توێژینەوەیە:**

لەم توێژینەوەیەدا بە زۆری پشتمان بە میتۆدی جۆریتی – Qualitative Method بەستووە، بۆ ئەم مەبەستەش چەندان سەرچاوەی زانیاریی کۆکردنەوەمان بەکارهێناوە وەک کتێب، توێژینەوە و جۆرناڵی زانستی، لێداوانی ڕۆژنامەوانی، دۆکیومێنتی فەرمی ( Denzin, 2007, p. 3). بۆ توێژینەوە و دیراسەکردنی ئەو بابەتانە، پشتمان بەستووە بە ڕێچکەی شیکاری- Analytical Approach، واتە شیکردنەوەی هەڵسوکەوت و دیاردە و کێشە سیاسییەکان و دووبارە بەرهەمهێنانەوەیان لە فۆڕمێکی تردا، کە لە هەمانکاتدا شیکردنەوەیەکی وردی وێستگەکانی پەیوەندیی نێوان هەرێم و ئەمریکا دەگرێتەخۆ. ئەمەش بە مەبەستی ڕوانینێکی قوڵتر لە کێشەی توێژینەوەکە کە تایبەتە بە پاڵنەری سەرەکیی پەیوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و هەرێمی کوردستان.

بە هەمان شێوە بۆ تێگەیشتن یان دۆزینەوەی ڕیشەی کێشەکە لە زۆربەی حاڵەتەکان ڕێگای ڕەخنەگرتن Critical engagement with sources لە تێکستەکانی پێشووترم بەکارهێناوە بۆ گەیشتن بە دەرەنجامێکی جیاوازتر لە دیراساتی پێشوو. بێجگە لەوە پشتمان بەستووە بە میتۆدی شیکاریی interpretive approach بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی وردتر و باشترمان دەستکەوێت بۆ پەیوەندییەکانی هەردوولا، لە ڕابردوو و بەستنەوەشی بە ئێستاوە (Seale, 2011, p. 134). بۆ دەستگەیشتن بە سەرچاوەی زانیارییەکان هەریەکە لە زمانەکانی ئینگلیزی و کوردیم بەکارهێناوە، بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی پشتم بە سەرچاوە

ئینگلیزییەکـان بەسـتووە، بە تـایبەت بە شـارەزایانی پەیوەنـدیی کـورد و ئەمریکا، هەروەها توێژەرانی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بە گشتی.

## چوارچێوەی تیۆریی ئەم توێژینەوەیە (Theoretical Framework):

بۆ ئەوەی وردتر بتوانین شرۆڤەی پەیوەندییەکانی هەرێم و ئەمریکا بکەیـن، شـیکردنەوەکانمان دەخەیـنە چوارچێوەیەکی تیـۆری و زانسـتی بە بەکارهێنانی تیۆرەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، بە مەبەستی ناسینی ڕەفتـاری زلهێزێکـی وەک ئەمریکـاش پێویسـتیمان بە تیـۆرێکە کە بتوانێت ڕەفتار و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکامان بۆ دیاری بکات وەک ئەکتەرێکی زلهێـز (great power) لە نەزمـی جیهانیـدا- world order. بـۆ ئەم مەبەستەش پشتدەبەستین بە تیۆری ڕیالیزمی بونیادگەرایی ( Structural Realism)، بە تایبەتیش ئەو تێزەی کە "جۆن مێرشایمەر" گەشەپێداوە و نـاوی نـاوە ڕیـالیزمی هێرشـبەر – Offensive Realism. بـۆ ئەم مەبەستەش کتێبە دانسقەکەی" تراژیدیای سیاسـەتەکانی هێزێکی گەورە"– The Tragedy of Great Power Politics دەکەینە بنەمـایەک بـۆ خوێنـدنەوەی ڕەفتارەکـانی ئەمریکـا. ئەم تێـزەی مێرشـایمەر یـارمەتی زۆرمـان دەدات بـۆ ناسـینی ڕەفتـاری زلهێزەکـان بە تـایبەتیش وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. بۆ ئەوەی بزانین چ فاکتەرێک پاڵنەری سـەرەکیی ڕەفتار و سیاسـەتەکانی ئەمریکایە بەرانبەر بە هەرێمی کوردستان.

لە دیـدی ڕیـالزمی هێرشـبەردا دەوڵەت بە تـایبەتیش دەوڵەتـی زلهێـز (Great power) بە دوای هێـزدا دەگەڕێـت بـۆ ئەوەی پارێزگـاری لە مـانەوەی خـۆی بکـات. بە گـوێرەی ئەم تیـۆرە وڵاتە زلهێزەکـان زۆر هەستیارن بە گۆڕان و تێکچوونی باڵانسی هێز، هەمیشە بە دوای دەرفەت دەگەڕێن بۆ ئەوەی هێزی زیاتر و زیاتر بەدەستبێنن و نەیارەکانیـان لاواز بکەن (Mearsheimer, 2001, p. 21,325). بە پشتبەسـتن بەو تیۆرە،

ولاتانی زلهێز قەت بەو برە هێزەی هەیانە ناوەستن، ئەوان ئامانجیانە ببنە هێزێکی باڵادەست ئینجا چ لەسەر ئاستی هەرێمێک بێت یان لەسەر ئاستی جیهان. گرنگییەکی تری ئەم تیۆرە ئەوەیە کە وەک مێرشایمەر دەیڵێت هێزە گەورەکان ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینن لەوەی کە لە جیهاندا ڕوودەدات، یان وەک خۆی دەڵێت لە سیاسەتە نێودەوڵەتییەکاندا International Politics (Mearsheimer, 2001, p. 5). لەم سۆنگەیەوە ئەو بەرژەوەندی و ڕەفتارانەی هێزە گەورەکان -Great Powers[2]، بە تایبەتیش زلهێزەکانی وەک ئەمریکا و ڕوسیا، بەریتانیا و فەرەنسا کاریگەرییەکی زۆریان هەبووە لەسەر کێشەی کورد (بە چاک و خراپ) لە ناوچەکەدا.

بوارێکی تر کە پێویستە لەم توێژینەوەیەدا گرنگی پێبدەین بریتییە لە ناسینی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی International Community یاخود، نەزمی (سیستمی) نێودەوڵەتی – International Order. چونکە هەرێمی کوردستان لە ناو چوارچێوەیەکی نێودەوڵەتی و سیستمێکی سیاسیی جیهانی کاردەکات. واتە بوونی کیانێکی سیاسی کە کورد بە گشتی و هەرێمی کوردستانیش کاری بۆ دەکات دەرچوونە لە چوارچێوەی ئەکتەرێکی نادەوڵەتی و گەیشتنە بە دۆخی قەوارەیەکی سەربەخۆ، کە ئەمەش لە ڕاستیدا پەیوەستە بە ناسینی بنەماکانی سیستمی نیودەوڵەتی. بۆ ئەم مەبەستەش دەکرێت قوتابخانەی ئینگلیزی English School لە ڕووی تیۆرییەوە یارمەتیدەرێکی باش بێت بۆ توێژینەوەکە لەو بوارەدا.

بیرۆکەی سەرەکیی ئەم قوتابخانەیە ئەوەیە کە لە نێوان دەوڵەتاندا تا ئاستێکی زۆر جۆرێک لە سیستەم «ئۆردەر» و سەقامگیری هەیە، بەرانبەر ئاستێکی کەم لە بوونی توندوتیژی.

هەڵبەتە ئەمە سەرەڕای ئەو ڕاستییەی کە دەوڵەتان لە دۆخێکی ئاژاوەدان – Anarchy ، واتە دەسەڵاتێکی باڵا نییە لە سەرووی دەسەڵاتی دەوڵەتانەوە بێت (Burchill and Linklater,) 2013). ئەم توێژینەوەیەی بەردەست هەوڵدەدات لە ڕوانگەی ئەو دوو تیۆرەوە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بخوێنێتەوە.

## پێکهاتەی توێژینەوەکە:

ئەم توێژیینەوەیە پێکدێت لە پێشەکی و سێ باس و دواتریش دەرەنجام. لە باسی یەکەمدا، شرۆڤەیەکی مێژوویی دەکەم بۆ پەیوەندییەکانی کورد و ئەمریکا واتە لە حەفتاکانەوە تاوەکو ڕاپەڕینی ئاداری ساڵی ١٩٩١ کە دواتر دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لێکەوتەوە. ئەم وێستگە مێژووییانە گرنگن بۆ تێگەیشتن لە قۆناغەکانی دواتری پەیوەندییەکانی هەردوولا، کە لە ڕاستیدا هەندێکیان هەر خولانەوەن بە دەوری ئەو پەیوەندییە مێژووییانەدا. لە باسی دوومیشدا، پەیوەندییەکانی هەرێم و ئەمریکا بەسەر چوار وێستگەی سیاسیدا دابەش دەکەم، کە لە هەر یەک لەو وێستگانەدا پەیوەندییەکان فۆرم و ئاراستەیەکی تایبەتیان وەرگرتووە، بەڵام بەبێ ڕوودانی گۆڕان لە بنەما سەرەکییەکانی پەیوەندییەکان. لە باسی سێیەمیشدا، بە گرنگم زانی تیشک بخەمەسەر ئەو پرسیارەی کە ئایا گرنگیی هەرێمی کوردستان چییە بۆ وڵاتێکی زلهێزی وەک ئەمەریکا؟ مەبەستی سەرەکیم لە تەرخانکردنی ئەو باسە ئەوەیە کە بزانم لە چ ئاستێکدا بەرژەوەندییەکانی هەردوولا هاوتەریب دەبن. بۆ ئەوەی بزانین چۆن مامەڵە و پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکادا بکەین. لە کۆتاییشدا تاوتوێی دەرەنجامەکانی توێژینەوەکەم خستوونەتەڕوو.

**باســی یەکەم/ کــورتەیەکی مێژوویــی پەیوەنــدییەکانی کــورد و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا**

هەرچەندە ئەم توێژینەوەیەی ئێمە باسێکی مێژوویی نییە، بەڵام بۆ تێگەیشتن لە بنەماکانی سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر هەرێمی کوردستان پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ڕێڕەوە مێژووییەکەی، لەبەر چەند هۆکارێک. یەکەم بۆ ئەوەی بزانین ئایا لە سەدەی بیستەم بنەماکانی سیاسەتی ئەمریکا چی بووە بەرانبەر کێشەی کورد لە عێراقدا. دووەمیش ئایا بە درێژایی ئەو پێنج دەیەیە سیاسەتی ئەمریکا گۆڕانی بەسەردا هاتووە بەرانبەر هەرێمی کوردستان؟ ئایا هۆکارەکانی گۆڕان و نەگۆڕانی ئەو سیاسەتە چین؟ ئەرگومێنتی سەرەکیی ئەو باسەمان ئەوەیە کە پەیوەندی و سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر بە کوردی عێراق (هەرێمی کوردستانی ئێستا) ئەگەر چی بەرزی و نزمیی تێکەوتووە بە گوێرەی بەرژەوەندیی ئەمریکا و پێشهاتە سیاسییەکانی ناوچەکە، بەڵام بنەما و ستراتیجی سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر پرسی کورد لە عێراقدا نەگۆڕاوە، ئەوەی گۆڕاوە تەنیا میکانیزم و هۆکارەکانن نەک ستراتیجی ئەمریکا.

لە ڕاستیدا هاوسۆزی کورد بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەگەڕێتەوە بۆ جاڕنامەی ئەو چواردە پرەنسیپەی کە سەرۆکی پێشووتری ئەمریکا ویدرۆ ولسن بە گوێی جیهانیدا، بە تایبەت ئەو پرەنسیپەی ئاماژە بە مافی گەلان دەکات لە بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خۆیان (Arıkanlı, 2010, P. 5). دوای باڵادەستبوونی دەسەڵاتی عەرەبە ناشناڵیستەکان لە میسر و سووریا و لوبنان و عێراق، دواتریش هاتنە سەردەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم لە ساڵی ١٩٥٨، بەرژەوەندیی سیاسەتی ئەمریکا لەوەدابوو کە کاربکات بۆ لاوازکردن و ڕووخانی ئەو

ڕژێمە، چونکە وەک ئاشکرایە عەبدولکەریم قاسم دۆستی ڕۆژئاوا نەبوو، ئەگەر کۆمۆنیستیش نەبێت، بەڵام دۆستی کۆمۆنیستەکان بوو، دۆستی یەکێتیی سۆڤیەتیش بوو (Tristam, 2019). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی یەکێک لە بیرەوەرییە دبلۆماسییەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٦٢ " ئەمریکا کێشەی کورد لە عێڕاقدا بە کێشەیەکی ناوەخۆیی دەزانێت، کە دەبێت لە ناوەخۆدا چارەبکرێت. حکومەتی ئێمە بە هیچ شێوەیەک یارمەتی چالاکوانە کوردەکان نادات لە دژی حکومەتی عێڕاق" (Little, 2010, 68).

بەشێک لە توێژەران ئەو هەڵوێستەی ئەمریکا بۆ ئەوە دەگێڕننەوە کە لەو کاتەدا ئەمریکا گومانی ئەوەی کردبێت کە مەلا مستەفا بارزانی بە هۆی مانەوەی ١١ ساڵ لە یەکێتیی سۆڤیەت (١٩٤٧-١٩٥٨) لەوانەیە دەستی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی یەکێتیی سۆڤیەت تێکەڵاو کردبێت، بەڵام دواتر هەر یەکە لە ئێران و ئیسرائیل کە بەشێک بوون لە بەرەی ڕۆژئاوا بە سەرکردایەتیی ئەمریکا لە دژی فراوانبوونی بەرەی دەسەڵاتی ناسیونالیست و کۆمۆنیستەکان هەوڵیاندا باوەڕ بە ئەمریکییەکان بێنن کە پێداچوونەوە بکەن بە سیاسەتی خۆبەدوورگرتن لە دەستێوەردان لە عێڕاق، واتە ئەو سیاسەتەی کە ئەمریکا ئەوکات پەیڕەوەی دەکرد (Gibson, 2019) لە ساڵی ١٩٦٢ ڕژێمی شا لە ڕێگای دەزگای هەواڵگری (ساڤاک) بڕیاریدا کە یارمەتی پێشکەش بە کوردانی عێراق بکات بۆ ئەوەی گوشار بخەنە سەر ڕژێمی ئەو کاتی عەبدولکەریم قاسم. لە ساڵی ١٩٦٤ ئیسرائیلیش هاتە پاڵ سیاسەتی ئێران. تا ئەو ئاستەی سەرۆکی ئەو کاتەی ئیسرائیل (داڤید بنگۆریۆن) وتی کورد هاوپەیمانی ستراتیجیی ئێمەن لە دژی ئەو ڕژێمە ڕادیکاڵییەی بەغدا. ئەو سیاسەتەی ئێران و ئیسرائیل تا ١٠ ساڵ درێژەی کێشا و لە ڕاستیدا ڕژێمی عێڕاقی زۆر هەراسان وماندوو کرد. تا ئەو ئاستەی وای لە عێڕاق کرد کە

نەتوانێت بەشداری شەڕی ١٩٦٧ی وڵاتە عەرەبییەکان بکات لە دژی ئیسرائیل، هەروەها لە جەنگی دواتریش لە ساڵی ١٩٧٣، چونکە ٨٠٪ ی هێزی سەربازیی سوپای عێراق سەرقاڵ بوو بە شەڕی کورد لە "باکووری عێراق"[3].

لەگەڵ هاتنە سەردەسەڵاتی بەعس لە ساڵی ١٩٦٨ سەددام وەک سەرکردەیەکی ئەو کاتی بەعس درکی بەوە کرد کە خۆسەرقاڵکردن بە شەڕ لەگەڵ کورد وزە و توانایەکی زۆری سوپای عێراق بەفیڕۆدەدات، بۆیە دواتر کە هاتە دەسەڵات هەوڵیدا لەگەڵ کورد بگاتە دانوستاندنێک، بۆ ئەوەی پشوویەک بدات و پێگەی دەسەڵاتی خۆی قایمتر بکات. بۆیە سەددام حوسێن هاتە باکووری عێراق و سەردانی مەلا مستەفای بارزانی کرد و بە زۆربەی داواکارییەکانی کوردیش ڕازی بوو؛ کە ئەوەبوو دواتر ڕێکەوتنی ١١ ئاداری ساڵی ١٩٧٤ی لێکەوتەوە (Gibson, 2019). لە ساڵی ١٩٧١ سەددام گرێبەستێکی پرچەککردنی لەگەڵ مۆسکۆ واژووکرد دواتریش لە مانگی نیسانی ١٩٧٢ پەیماننامەی دۆستایەتیشی لەگەڵ ڕوسیا واژووکرد(HAL Brands and Palkki, 2012, p. 631).ئەم نزیکییەی نێوان ڕوسیا و ڕژێمی بەعس دواجار وای لە ئەمریکا کرد کە ڕازی بێت بە پێشنیازەکەی شای ئێران، واتە بەکارهێنان و هاوکاریکردنی هێزە کوردییەکان لە دژی ڕژێمی بەعس.

لە ساڵی ١٩٧٤ هینری کیسنجەر پەیامی سەرۆک ڕیچارد نیکسن (١٩٥٣-١٩٦١)ی گەیاندە باڵیۆزی ئەمریکا لە تاران کە جەختی لەسەر چەند خاڵێک دەکردەوە: ١) هاوکاریکردنی کورد بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان لەلایەن بەغداوە. ٢) پابەندکردنی حکومەتی عێراق بە جێبەجێکردنی مافەکانی گەلی کورد، بەڵام بە مەرجێک کە نەبێتە هۆی دابەشبوونی عێراق و هاتنەئارای دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کورد، چونکە بەرژەوەندیی

ئەمریکا و ئێرانیش لەوەدا نەبوو کە دەرگای پەیوەندییەکانیان بە تەواوی لەسەر بەغدا دابخەن (Kissinger, 1979). ساڵێک دواتر، واتە لە ١٩٧٥ ڕژێمی ئەو کاتی عێراق گەیشتە ڕێککەوتنێک لەگەڵ شای ئێران، هەر لەو کاتەش ئەمریکا هاوکارییەکانی بۆ چالاکوانە کوردەکان ڕادەگرێت و دواتریش شۆڕشی کورد کە بە شۆڕشی ئەیلول ناسراوە کۆتایی پێدێت و دەبێتە هۆی دەربەدەربوونی ٢٠٠ هەزار کوردی عێراق بۆ ئێران و ڕوسیا. کیسنجەر کە ڕۆڵێکی زۆری هەبوو لەو ڕێککەوتنەی نێوان عێراق و ئێران قسەیەکی بە ناوبانگی هەیە و دەڵێت "ئەمریکا نە دۆست و نە دوژمنی بەردەوامیی هەیە، بەڵکو بەرژەوەندیی بەردەوامی هەیە" (Erlich, 2017, pp. 9,11).

لەبەر ڕۆشنایی ئەو باسەمان، بە پشتبەستن بە هەردوو تیۆری ڕیالیزمی هێرشبەر و قوتابخانەی ئینگلیزی، دەتوانین بڵێین کە لە سەردەمی شەڕی ساردیش پەیوەندیی ئەمریکا لەگەڵ کورد پەیوەندی بە دۆخی شەڕی ساردەوە بووە، ئەگینا ئەمریکا هیچ سیاسەت و ستراتیجێکی دیاریکراوی نەبووە بەرانبەر بە کێشەی کورد. ئەمریکا لە چوارچێوەی سیستەمی ململانێی دووجەمسەری بنەماییکی ڕیالستانە مامەڵەی لەگەڵ پرسی کورد کردووە، نەوەک لەبەر ڕۆشنایی پرەنسیپەکانی سەرۆک وودرۆ ولسن[4]. لە بەشی دووەمی ئەو باسەمان دێینە سەر پەیوەندیی هەرێمی کوردستان و ئەمریکا لە دوای دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢.

## باسی دووەم/ پەیوەندیی هەرێمی کوردستان و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

لەم باسەدا هەوڵدەدەین شیکردنەوە بۆ پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئەمریکا بکەین لە دوای دروستبوونی ئەو کارگێڕییە

سیاسـییەی لە بـاکووری عێـراق لە سـاڵی ١٩٩١ دواتـریش پێکهێنـانی پەرلەمـان و حکـومەتێکی هەڵبژێـردراو. لەم بەشـەدا هەوڵـدەدەم ئەو پەیوەنـدییانەی ئەمریکـا و هەرێـم یـاخود سیاسـەتی ئەمریکـا بەرانـبەر هەرێمی کوردستان بەسـەر چەند قۆنـاغێکی جیاوازدا دابەش بکەم بەپێی ئەو پێشـهات و گۆڕانکـارییە سیاسـییانەی بەسـەر نـاوچەکەدا هـاتوون، هەرچەندە مەرج نییە پێشهات و زەمەنە جیاوازەکان گۆڕانی سـەرەکییان دروسـتکردبێت لە سیاسـەتی ئەمریکـا بەرانـبەر بە هەرێمـی کوردسـتان، بەڵام هەر قۆنـاغە و تایبەتمەنـدیی خـۆی هەیە بـۆیە نـاتوانین هەمـوو قۆناغەکان لەژێر یەک ناونیشانەوە سەیر بکەین.

**قۆناغی یەکەم/ ١٩٩١-٢٠٠٣**

داگیرکردنـی کوەیت لەلایەن عێراقەوە لە ٢ی ئۆگسـتی ١٩٩٠ وای لە سـەرۆک بۆشـی بـاوک کـرد کە پەنـا ببـاتە بەر هێـزی سـەربازی بـۆ دەرکردنـی سـەددام لە کوەیـت. ئەم وەڵامـدانەوەیەی ئەمریکـا کۆمەڵێـک هۆکـاری هەبـوو. لەبەرئەوەی داگیرکردنـی کوەیـت لەلایەن عێـراق کاریگەریی زۆری دەکردە سـەر سـەقامگیریی نرخی نەوت لە جیهاندا، کە ئەمەش ڕاسـتەوخۆ کـاریگەری دەبـوو بەسـەر ئـابووری ئەمریکـا و ناسـاقامگیریی هەرێمـی لە ناوچەکدا، بە تـایبەتیش لاسـەنگبوونی باڵانسـی هێـز لە نـاوچەکەدا (Kegley and Wittkopf , p. 20). هەرچـی دروسـتکردنی نـاوچەی ئـارامە لە "باکووری عێراقدا" لە ڕاسـتیدا پـاڵنەری مرۆیـی زیـاتر هەبـوو تـا پـاڵنەری سیاسـی، ئینجـا لەگەڵ ئەوەشـدا پـڕۆژە بڕیاری دروستکردنی ناوچەی ئارام زیاتر بە پاڵپشـتی فەرەنسـا و تورکیا و چەنـد وڵاتێکـی تـری ئەوروپـا بـوو تـا وڵاتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـا. کەچـی لەگەڵ ئەوەشـدا دروسـتکردنی نـاوچەی ئـارام پێـچەوانەی ویسـتی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی نەبوو (Gibbons, 2002).

دەتوانین بڵێین کە لە ساڵی ١٩٩١ تاوەکو ١٩٩٦ ستراتیجیی ئەمریکا ئەوەبوو کە ڕژێمی سەددام برووخێنێت بەڵام نەک لە ڕێگای بەکارهێنانی هێزی ڕاستەوخۆ، بەڵکو لە ڕێگای کودەتاییکی سەربازی. بۆ ئەم مەبەستەش ئەمریکا هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی ڕێکخست لە چوارچێوەی کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی(INC) بە تایبەت هێزە شیعیەکان لە ڕێگای پێدانی یارمەتیی هەواڵگری و دارایی (Katzman, 2003). لە سەرەتا ئەمریکا تەنیا لە ڕوانگەی پرسێکی مرۆیی سەیری ناوچەی دژەفڕینی دەکرد و هیچ هاوکارییەکی سیاسیی حکومەتی هەرێمی کوردستانی نەکرد، بەڵام شکستهێنانی سی ئای ئەی (CIA) لە هەوڵەکانی بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی عێراق لە ڕێگای کودەتای سەربازییەوە ئیدارەی بۆشی خستە دۆخێک کە بیر لە بەکارهێنان و هاوکاریی کوردیش بکاتەوە بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس ( Shukri, 2017, p. 58). بە تایبەت دوای ئەوەی کە ئەمریکا گەیشتە ئەو باوەڕەی کە کورد ڕێکخستنێکی سەربازی و سیاسیی باشیان هەیە و دەتوانرێت پشتیان پێ ببەسترێت وەک بەشێک لە سیاسەتی گۆڕینی ڕژێمی بەعس.

لێرەدا گرنگە لەوە تێبگەین کە گۆڕانی سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی ١٩٩٦ ( واتە نزیکبوونەوە لە کورد) پەیوەستە بە پرسێکی تر کە ئەویش پرسی گۆڕینی ڕژێمی سەددامە لە ناوچەکەدا. واتە خودی پرسی کورد و هەرێمی کوردستان بەشێک نەبوونە لە گۆڕینی ئەو سیاسەتەی ئەمریکا بەرانبەر بە کورد. بۆیە لە ساڵی ١٩٩٧ ئەمریکا هەوڵەکانی خۆی چڕکردەوە بۆ ئەوەی کۆتایی بە شەڕی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بهێنێت و ئەو دوو هێزە ئامادە بکات بۆ ئەوەی ببنە بەشێک لە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراق بۆ گۆڕینی ڕژێمی بەعس. تا لە ١٧ سێپتەمبەری ساڵی ١٩٩٨ هەردوو پارتەکە ڕێککەوتنی ئاگربەستیان

قبـوڵکرد لەسـەر دەسـتی وەزیـری دەرەوەی ئەو کـاتی ئەمریکـا، کە بە ڕێککەوتنامەی واشنتن ناسراوە (Stansfield, 2010, pp. 195-197).

لە ٣١ ئۆکتـۆبەری ١٩٩٨ کـۆنگرێس بڕیـاری پڕۆسـەی ئـازادکردنی عێڕاقی پەسەندکرد، کە ئەمە لە ڕاستیدا توندترین هەڵوێستی ئەمریکا بوو بەرانبەر عێڕاق کە ئیتر چاوی سیاسـەتی ئەمریکای خستەسـەر گۆڕینی ڕژیمـی بەعـس لە عێڕاقـدا (Charountaki, 2015, p. 187). لە چوارچێوەی ئەو ستراتیجییەی ئەمریکا، هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی باشی پێدرا، کە دەتوانین بڵێین پەیوەندییەکانی هەردوو لای بردە قۆناغێکی زۆر باشـەوە بە جۆرێک کە پێشـووتر کـورد هەرگیـز ئەو پـێگەیەی نەبـوو لە سیاسـەتی ئەمریکـادا. ڕووداوەکـانی ١١ سـێپتەمبەری (٢٠٠١) پاسـاوی زیـاتری دایە دەسـت ئیـدارەی بـۆش و کۆنسـێرڤاتیڤەکان بـۆ پەلەکردن لە ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس.

لە دەرەنجامـدا دەتـوانین بڵێـین لەو قۆنـاغەدا تیشـکی سـەرەکیی سیاسـەتی وڵاتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـا بریتـی بـوو لە بەهێزکردنـی هەژمـوونی ئەمریکا لە کەنداوی فارسـی و لە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا، بە تایبەت لە ڕێگای دەورەدانی هەر یەکە لە ئێران و عێراق، بەرقەرارکردنـی سـەقامگیریی هەرێمی، ڕێگرتن لە سـەرهەڵدان و بەهێزبوونی هێزی تـری هەرێمی لە ناوچەکەدا، هەروەها پاراستنی ئاسایشی وزە و پڕەنسیپەکانی دیموکراسـی. یـاخود وەک "کریسـتۆڤەر" دەڵێـت لە دوای نەوەدەکـانەوە ئامـانجی سـەرەکیی وڵاتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـا بریتـی بـووە لە پتەوکردنی پایەکانی سیستەمی تاکجەمسەری (Christopher, 2009, pp. 5-25).

## قۆناغی دووەم/ ٢٠٠٣-٢٠١٢

لەم قۆنـاغەدا پەیوەنـدیی کـورد و ئەمریکـا دەچێتە قۆنـاغێکی تـر و پێشـکەوتنی بـاش بەخـۆیەوە دەبینـێ، بە تـایبەت کە کـورد بە شـێوەیەکی سیاسی و یاسایی لە دەسـتووری نـوێی عێراقدا دان بە مافەکانی دەنرێت. بەڵام لەم دۆخەشـــدا (وەک ئەوەی لە ئـــارگومێنتی توێژینەوەکەمانـــدا جەختمان لەسـەر کردۆتەوە)، پەیوەندییەکانی هەردوولا دیسـان وابەسـتەی پرسـی تـر بـوون، بەڵکو هەندێک جاریش تووشـی بەریەککەوتـن هـاتوون. هەرچـی ئەمریکییەکـان بـوون دەیانویسـت سـوود لە کـورد ببیـنن بـۆ بونیادنانەوەی عێراقی دوای ٢٠٠٣، بۆ ئەمەش گوشاریان دەکرد کە کورد واز لە هەنـدێک لە داواکاریەکانی بێنێت لە پێنـاوی عێراقێکی یەکگرتـوودا. هەرچی کوردیشە ئەم دۆخەی بە دەرفەت دەزانی بۆ دەسکەوتی سیاسـی بە تـایبەت کە کـورد ڕۆڵـی زۆری هەبـوو لە هاوکـاریی ئەمریکییەکـان و ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس (Shareef, 2014, p. 164).

لە دوای ٢٠٠٣ دوو فـاکتەر کـاریگەریی زۆریـان هەبـوو لە سـەر سیاسەتی ئەمریکا لە عێراق و نـاوچەکەدا. یەکەمیان پاراسـتنی ئاسـایش و سـەقامگیریی عێـراق کە ئەرکێکی زۆر سـەخت بـوو. دووەمـیش ململانێـی ئەمریکـا و ئێـران، بە تـایبەت ئێرانییەکـان سەرئێشـەی زۆریـان بـۆ ئەمریکییەکـان دروسـت کـرد لە عێراقـدا. هەر پشـتگیرییەکی ئەمریکـا لە داخوازییەکانی کورد بە تایبەتیش جیابوونەوەی کورد لە عێراق یان هەتا یەکلاکـردنەوەی نـاوچە دابڕاوەکـانیش (disputed areas) لە بەرژەوەنـدیی کـورد، لەو کـاتەدا مەترسـی دروسـتدەکرد لەسـەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە عێراق و نـاوچەکەدا، چونکە نە بـارودۆخی هەرێمـی و نە کۆمەڵگـای نێـودەوڵەتیش (بە پشتبەسـتن بە هەردوو

تیۆرەکانی ئەم توێژینەوەیە) ئامادەباشی ئەو هەنگاوەی تێدا نەبوو. بەڵکو بە پێچەوانەوە سەربەخۆیی کورد نارەزایی زۆرتری تورک و عەرەب و ئێرانییەکانیشی لێدەکەوتەوە. ئەمە جگە لەوەی دەبووە تێکچوونی هاوسەنگیی هێزیش لە بەرژەوەندیی ئێران، کە ئەمەش دیسان دەبووە هۆی تێکچوونی هاوسەنگیی نێوان هێزی هەر سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی عێراق (واتا عەرەبی شیعە و سوننە و کورد).

سەرەڕای ئەو پەیوەندییە باشەی لە نێوان هەرێم و ئەمریکا هەبوو کەچی کاتێک تورکیا لە ٢٠٠٧ هەڕەشەی هێرشی سەربازی کرد بۆ سەر هەرێمی کوردستان بەهۆی بوونی پەکەکە لە ناوچەکەدا، ئەمریکا لە نێوان هەرێم و تورکیادا پاڵپشتی بۆ تورکیا نەشاردەوە. واتە ئەمریکا ئامەدەبوو کە قوربانی بە کورد بدات لە پێناو دۆستێکی باڵادەستتر کە تورکیایە و ئەندامی ناتۆیە. وەک نارەزاییەک بۆ ئەو هەڵوێستەی ئەمریکا، سەرۆکی ئەو کاتی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی وەک نارەزاییەک ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە نەبوو کە سەرکردە عێراقییەکان لەگەڵ کۆندۆلیزا ڕایز هەیانبوو لە بەغدا (Shareef, 2014, p. 166). ئەم هەڵوێستەی ئەمریکا بەپێی ئەو تیۆرەی کە ئێمە لەم توێژینەوەیەدا پشتمان پێبەستووە شتێکی نامۆ نییە، چونکە وەک مێرشایمەر دەڵێت هەڵوێستی وڵاتە زلهێزەکان هەرگیز ١٠٠٪ جێگای دڵنیایی نییە، ئەم جۆرە وڵاتانە زوو زوو هەڵوێستیان دەگۆڕن، ڕۆژێک لەگەڵتانن ڕۆژێکی تر لەبەرەی دژتانن (Mersheimer, 2001, p.55).

لێرەدا گرنگە لەوە تێبگەین کە سیاسەتی ئەمریکا دوای دەستپێکردنی شەڕی تائیفی و ئیتنیکی لە عێراق، بۆ دوو ئامانج کاری کردووە. یەکەمیان ڕێگرتن لە دابەشبوونی عێراق و تەشەنە نەکردنی بارنەکانی ناسەقامگیریی سیاسی لە ناوخۆی عێراق. دووەمیان

ڕێگرتــن لــە هــەر هەوڵێک کــە ببێتە هــۆی ناســەقامگیریی ناوچەیــی، هەروەهــا تــرس لەوەی نــەوەک دەوڵەتانــی دراوســێ دەســتبخەنــە ململانێکانــی نێــوان کــورد و عــەرەب. بــۆ بەدەســتهێنانی ئــەم دوو ئامانجــەش، کاتێــک یاخیبــوون و شــەڕی تائیفــی و ململانێــکان دەســتیانپێکرد، کــە بەشــێکی ســەرەکیی کاراکتەرەکــەی گرووپــە سوونییەکان بــوون، ئەمەریکا یارمەتــیی دارایــی پێشکەشــی ســەحوەی ســوننەکان کــرد، کــە لــەو کاتــەدا ســەریانهەڵدابــوو، لەپێنــاوی لاوازکردنــی ســوننە توندڕەوەکان و دوورخســتنەوەیان لــە ململانێــکان. هــەر لــەو ســەروبەندەدا، ئەمەریــکا هەوڵــی پێکهێنانــی حکومەتێکــی فــرەئیتنیکی دەدا لــە بەغــدا، ئەمیــش لە لایــەک بــۆ لاوازکردنــی گرووپــە ســوننییە یاخیبــووەکان و لە لاکــەی تریشــەوە بــۆ ڕێگرتــن لــەوەی نەوەک کــورد بیــر لــە جیابوونــەوە بکاتــەوە (حامد، ٢٠١٨، ل٤).

سەرکردە سیاسییەکانی هەرێمیش باش لەوە تێگەیشتبوون کە لەو قۆناغەدا پەیوەندیی باش لەگەڵ تورکیا هاوتای پەیوەندیی باشە لەگەڵ ئەمریکــا، بــۆیە دواتــر لە ٢٠٠٨ پەیوەنــدییەکانی تورکیــا و هەرێمــی کوردستان چوونە قۆناغێکی زۆر پێشکەوتووەوە. دەتوانین بڵێین کە لەو قۆناغەدا پەیوەندییەکانی هەرێم و ئەمریکا چوونە ئاستێکی دامەزراوەییتر لە پێشــوو واتە لە پەیوەنــدیی کەســی و تــایبەت دەرچــوون، بــۆ نمــوونە سەرۆکی هەرێم تەنیا لە سەردەمی سەرۆک ئۆبامادا حەوت جار لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکادا کۆبووەوە هەرێمی کوردستان لەو قۆناغەدا تا دەگاتە کۆتایی ساڵی ٢٠١١ کە کشانەوەی ئەمریکییەکان بوو لە عێراق هاوکاری سیاسەتەکانی ئەمریکا بوون لە عێراق و ناوچەکەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندییەکانی هەردوولا هێشتا لە بازنەی پەیوەندی بە پرسی سێیەمەوە تێنەپەڕین و سەربەخۆ نەبوون. ئەمەش پێدەچێت وەک (جۆن مارشایمەر) دەڵێــت کە وڵاتــان گرنگیــی زیــاتر دەدەن بە پەیوەنــدیی درێژخــایەن تــا

پەیوەنـــدیی کورتخـــایەن (Mersheimer, 2001, p. 31). لەم سۆنگەیەشەوە تورکیا لە هەرێمی کوردستان گرنگترە بۆ ئەمریکا.

## قۆناغی سێیەم/ ٢٠١٢-٢٠١٧

لەو قۆنـاغەدا ئەمریکییەکـان عێـراق بەجێدەهێڵن کە ئەمەش ڕێگـا بـۆ هێزی تـری هەرێمـی خۆش دەکات کە دەستێوەردان بکەن لە عێراقدا، بە تـایبەتیش هەر یەکە لە تورکیا و ئێران و تـا ئاستێک وڵاتـانی کەنداویش. لەم مـاوەیەدا پەیوەندیی حکومەتی هەرێم لەگەڵ بەغدا گرژی و ئـاڵۆزیی زۆریـی بەخـۆیەوە بینـی. نەک هەر لەگەڵ هەرێـم بەڵکـو شـیعەکان بە تـــایبەتیش لە ســـەردەمی مـــالکی پەیوەنـــدییەکان خـــراپ بـــوون لەگەڵ ســونەکانیش، تــا ئەو ئاســتەی بەشــێک لەســەرکردە سیاســە ســونەکان پەنایــان بــۆ هەرێمــی کوردســـتان هێنــا و بەشــێکی تریشــیان عێراقیــان جێهێشـت. هەرێمـی کوردسـتان تـا پـێش ٢٠١٤ پەیوەندییەکی هاوسـەنگی هەبـوو لەگەڵ ئەمریکییەکـان. تـا ئەو ئاسـتەی کـار گەیشـتە ئەوەی نـاوچە سوننییەکان خۆپیشاندانی فراوانیان بەخۆیەوە بینی دژی دەسەڵاتی مالکی. سەرەتای ٢٠١٤ قۆناغێکی تر بوو بۆ پەیوەندییەکانی هەرێمـی کوردسـتان و ئەمریکییەکان بە تـایبەت لەگەڵ هـاتنی ڕێکخـراوی تیرۆرسـتیی دەوڵەتـی ئیسـلامی، بە تـایبەت کاتێک سوپای عێراق بە تەواوی ڕووخـا و بەشـێکی زۆری خاکی عێراقیش کەوتە دەستی داعش.

ئەمریکییەکان (ئیدارەی ئۆباما) سەرەتا پەلەیان نەکرد لە بەکارهێنـای هێــز لە دژی داعــش، چــونکە پێیــانوابوو ئەوە زیــاتر شــەڕی شــیعە و ســوننەکانە. تـا ئەوکـاتەی داعـش ڕووی هێزەکـانی بە ئاراسـتەی هەرێمـی کوردســتان وەرگێــڕاو خەریکبــوو نــزیکببنەوە لە هەولێــر. بەڵام هەر زوو ئەمریکییەکـان هـاتنە سـەرخەت، ئۆبامـا لە بەیاننامەیەکی مێژووییدا وتـی " هەولێر هێڵـی سـوورە" ئێمە ڕێگـا نـادەین دەوڵەتـی تیرۆرسـتیی ئیسـلامی

نـزیکبێتەوە لە هەولێـر (Fisher, 2014). هـاتنی داعـش مەترسـییەکی گەورەی بۆ سیاسـەتی ئەمریکا و سـەقامگیریی عێراق و گشت نـاوچەکە دروست کرد. تا ئەو ئاستەی ئەوەی ئەمریکییەکان لە ٢٠٠٣ بونیاتیاننابوو لە عێـراق خەریکبـوو هەمـووی لەدەسـتبچێت. بە تـایبەت کە ڕێکخـراوی داعــش هەر زوو لەلایەن ئەمریکــا و کۆمەڵگــای نێودەوڵەتیشــەوە وەک مەترسـییەکی جیهانی سـەیرکرا. لەم قۆنـاغەدا بەشـێکی زۆر لە سیاسـییە کوردەکــان و هەروەهــا خەڵکــی غەیــرە کــوردیش پێیــانوابوو ئەو هاوپەیمــانیەتییەی لە نێــوان ئەمریکــا و کـورد هەیە هاوپەیمــانیەتییەکی سـتراتیجییە. شـەڕی داعـش ئەگەرچـی زیـانی مـاددی و گیـانی زۆری لە کورددا بەڵام لەهەمـان کاتدا دەرگـای دبلۆماسـی هەمـوو جیهـانی بەسـەر هەرێمـی کوردسـتاندا کـردەوە. هێزەکـانی هاوپەیمـانـان خۆیـان لە نـزیکەوە یارمەتیی دارایی و لۆجیستیی هێزەکانی پێشمەرگەیان دەکرد.

لە ڕاستیدا هۆکاری زۆر هەبوون کە وای کرد ئەمریکا بەو شـێوەیە نــزیکبێتەوە لە هەرێمــی کوردســتان. ئەمریکییەکــان دەیــانزانی هەرێمــی کوردسـتان تـاکە نـاوچەی سـەقامگیرە لە عێراقدا کە ئەمریکییەکـان نفوزی زۆریــان هەیە و هەروەهــا سیاسـییەکانیش خۆیــان بە دۆســتی ئەمریکــا دەزانن، کەچی لە بەرانبەردا لە عێراق میلیشیا شیعیەکان سـەرکردایەتیی شــەڕی داعشـیان دەکـرد و لەژێـر فەرمـانی ئێـرانەوە ڕەفتاریـان دەکـرد، ئەمریکـا دەیزانـی بەهێزکردنـی میلیشـیا شـیعەکان لە دواڕۆژدا دەبێـت بە چەکی بەهێزی ئێران بۆ دژایەتیکردنی ئەمریکا و لاوازکردنی دامەزراوە سیاسـییەکانی دەوڵەتـی عێـراق (Hussain, 2020). هەرێـم لە ڕووی وەبەرهێنـانی بیـانی، لە بـواری داراییەوە گەشـەکردنێکی باشـی بەخۆیەوە بینیبــوو، بە تــایبەت لە ڕووی پیشەســازیی نەوت، چەنــدەها کۆمپانیــای جیهانی خەریکی دەرهێنـانی نەوت و فرۆشـتنی بوون، ئەمە بێجگە لەوەی

کەوتنی هەرێم دەبووە پاڵپشتێکی دارایی و ئابووریی گرنگ بۆ ئەو هێزە تیرۆرستییە.

بۆ ڕووخان و لاوازکردنی ڕێکخراوی تیرۆرستیی داعش ئەمریکا پشتی تەواوی بە هێزە لۆکاڵییەکان(هەرێمی کوردستان) بەست. ئۆباما لە سەرەتای هاتنی داعش وتی" ئێمە بەرژەوەندیی ستراتیجیمان هەیە لە دەرکردنی داعش. ئێمە ڕێگا نادەین ئەوان لە عێراق و سووریا خەلافەتێک دروست بکەن، بەڵام ئێمە تەنیا ئەو کاتە دەتوانین ئەوە بکەین کە بزانین لەسەر زەوی هاوپەیمانمان هەیە کە دەتوانن ئەو کارە بکەن" (Obama's Full Speech on ISIS, 2014-09-10). لێرەدا پرەنسیپی "بونیادنانی توانای هاوبەش بۆ سەقامگیری" - Building Partner Capacity for Stability، واتە یارمەتیدانی دۆستانی ئەمریکا و بەهێزکردنیان لەپێناو ئامانجێکی دیاریکراو لەوانەیە ڕێگایەکی گونجاو بێت بۆ تێگەیشتن لە سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر هەرێمی کوردستان لە کاتی شەڕی داعش. واتە ئەمریکییەکان یارمەتیی دۆستەکانیان دەدەن بەبێ بەشداریکردن و ئامادەبوونی سەربازیی ئەمریکا لە گۆرەپانی شەڕدا، وەک ئەو جەنگانەی ئەمریکا لە لیبیا و یەمەن و سووریا و چەند وڵاتێکی تریش لە شێوەی شەڕی بە وەکالەت ئەنجامی دەدات (McInnis, and Lucas, 2015). چونکە ئەم جۆرە شەڕانە تێچووی گیانی و مادیشی کەمترە لەوەی ئەمریکا ڕاستەوخۆ ئەنجامی بدات، هەروەها ئەنجامەکانیشی زۆرجار باشترن.

ئەم ستراتیجەی ئەمریکا و هاوپەیمانان کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر سەرکەوتن بەسەر داعش، بە جۆرێک هەم هەرێمی کوردستان سوودمەند بوو هەمیش ئەمریکا. بەم بۆنەیەوە سەرکردە کوردەکان سەردانی چەندین سەرۆک وڵاتی کاریگەری جیهانیان کرد، وەک سەرۆکی

ئەمریکـا، فەرەنسـا، بەریتانیـا، ئەلمانیـا و ... تـاد. دپلۆماسـیەتی هەرێمـی کوردسـتان لەو مـاوەیەدا لە زۆر دەوڵەتـانی جیهـان چـالاکتر بـوو. ئەم پەیوەنـدییانەی کـورد لەو قۆنـاغەدا پـاڵنەرێکی سـەرەکی بـوون بـۆ ئەوەی هەرێمـی کوردسـتان ڕیفرانـدۆمی سـەربەخۆیی ئەنجـام بـدات لە ٢٥ سێپتەمبەری ساڵی ٢٠١٧ کە لە قۆناغی دواتردا باسی دەکەین.

**قۆناغی چوارەم/ ٢٠١٧-٢٠٢٠**

بەشـێکی زۆر لە سـەرکردایەتیی سیاسـیی هەرێمـی کوردسـتان پێیـانوابوو کە ئەو پەیوەنـدییە گەرمەی لە نێـوان هەرێمـی کوردسـتان و ئەمریکا و جیهـانیش هەبوو لە سـەردەمی شـەڕی دژ بە داعش بەسـە بۆ ئەوەی ئەمریکـا و کۆمەڵگـای نێـودەوڵەتی ئەگەر پاڵپشـتیش نەبـن ڕێگـا نـاگرن لە دروسـتبوونی کیـانێکی سـەربەخۆ و جیـابوونەوەی هەرێمـی کوردستان لە عێراق. بەڵام بە پشتبەستن بەو تیۆرانەی لەم توێژینەوەیە پشـتمان پێبەسـتوون دروسـتبوونی ئەو کیـانە سـەربەخۆیە لەوانەیە ببێتە هۆکـاری دروسـتبوونی جۆرێک لە ناسـەقامگیریی سیاسـی لە نـاوچەکەدا. ئەمەش بە دەرەجەی یەک لەلایەن دراوسێکانی عێراقەوە دەبێت، واتە هەر یەکە لە تورکیا و ئێران. بە پشتبەستن بە تیۆری ڕیالیزمی بونیادگەرایی (Structural Realism) وڵاتانی زلهێز هەندێک جار عەقڵیەتێکی یاریی هیچ بەدەستیان هەیە (great powers tend to have a zero-sum mentality) (Mersheimer, p. 34). واتە ئامـادەن قوربـانی بـدەن بە لایەنێـک، یـان هاوبەشـێک بەس بـۆ ئەوەی سیسـتمەکە نەشـڵەژێت یـان تووشی ڕیسک نەبێت، هەر بۆیە ئەمریکا ئامادەبوو قوربانی بە کورد بدات لەپێنـاو هێشـتنەوەی عێـراق بە یەکگرتـوویی. ئەمە جـگە لەوەی ئەمریکـا دوای نەمـانی داعـش خەریکـی بونیادنـانەوەی عێـراق بـوو بە تـایبەت بەهێزکردنـی دامەزراوە سیاسـی و یاسـاییەکانی، هەروەهـا لاوازکردنـی

میلیشیا شیعەکان، بۆ ئەمەش بێگومان پێویستی بە هاوکاری هەر یەکە لە کورد و سوننە و شیعەش دەبێت. جیابوونەوەی کورد لەو کاتە ناسکەدا بۆ ئەمریکییەکان جێگای سەر ئێشە و مەترسییێکی زۆر بوو. ئەمە جگە لەوەی ئەمریکییەکان دۆستێکی نزیکیان لەدەستدەدا لە عێراقدا. ئەمریکییەکان ئەگەرچی بە ئاشکرا پاڵپشتیی ڕیفراندۆمیان نەکرد، بەڵام لە هەمان کاتدا پشتیشیان نەکردە هەرێمی کوردستان. ئەو بەیاننامەی کە ئەمریکییەکان لە ئان و ساتی دوای ١٦ ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ ئاراستەی هەموو پارتە کوردییەکانیان کرد بۆ پاڵپشتیکردن لە حکومەتەکەی نێچیرڤان بارزانی و قوباد تاڵەبانی گەرەنتی ئەمریکا بوو بۆ هێشتنەوەی حکومەتی هەرێم ( Stoni, and Bin Yatiban, 2019, pp.314-315 )، چونکە هەوڵێک هەبوو لەلایەن پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان کە حکومەتێکی ڕزگاری نیشتمانی ڕابگەیەنرێت، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا ناسەقامگیریی زۆری لێدەکەوتەوە. لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقیش (حەیدەر عەبادی) هەوڵێک هەبوو بۆ کۆتاییهێنان بە حکومەتی هەرێمی کوردستان و بچووکردنەوەی لە چوارچێوەی دەسەڵاتی خۆجێیی پارێزگاکاندا، بەڵام ئەمریکا لە ڕێگای ئەو پەیامەوە کۆتایی بەو هەوڵانە هێنا.

هەرچەندە لە دوای ڕیفراندۆم جۆرێک لە ساردی کەوتە نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا بەڵام لە ٢٠١٨ پەیوەندییەکان بەرەو باشبوونەوە چوون. هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان ئێستا ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی بەدامەزراوەییکردنی هێزەکانی پێشمەرگە دەکەن لە ڕووی داراییشەوە تا ئێستا ئەو هاوکارییانە هەر بەردەوامن (Borsari, 2019). ئەمە جگە لەوەی لە ئەگەری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا، پێدەچێت ئەمریکا بەشێک لەو هێزانەی لە هەرێمی کوردستان بهێڵێتەوە (Bordenkircher, 2020). بە گشتی دەتوانین بڵێین کە تا ئێستا ئاسۆی

پەیوەنـــدییەکانی هەرێمـــی کوردســـتان و ئەمریکـــا ڕوونە، ئەگەری پێشڤەچوونی زیاتریشی لێدەکرێت.

**باسی سێیەم/ گرنگیی هەرێمی کوردستان لە چیدایە بۆ ئەمریکا؟**

بـۆ ئەوەی وردتـر لە پەیوەنـدییەکانی هەرێـم و ئەمریکـا تێبگەین بە تـــایبەت لەبەر ڕۆشـــنایی ئەو دوو تیـــۆرە ڕیالیســـتیانەی کە پشـــتمان پێبەستوون پێویستە بزانین کە ئایا گرنگیی هەرێمی کوردستان لە چیدایە بـۆ وڵاتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـا. ئایـا ئەمریکـا چـی دەسـتدەکەوێت لە پەیوەنــدی لەگەڵ هەرێمــی کوردســـتاندا؟ چــونکە بەشــێک لە تــوێژەران پێیـــانوایە لەبەرئەوەی کێشـــەی کـــورد بە گشـــتی و هەرێمـــی کوردســـتان گرنگییەکـی ئەوتـۆی نییە بـۆ ئەمریکـا، لەبەرئەوە واشـنتن سـتراتیجیەتێکی تـایبەتی نیـیە بەرانـبەر هەرێمـی کوردسـتان. مایکـل گـانتەر، یەکێـک لەو توێژەرانەیە کە وای دەبینێت لەبەرئەوەی ئەو وڵاتـانەی کوردی بەسـەردا دابەش بـووە وڵاتـی زۆر هەسـتیار و گـرنگن بـۆ سیاسـەتی ئەمریکـا تـا ئاستێک کە لە پرسـی کورد گرنگترن بۆ ئەمریکا .Gunter, 2011, pp (106-93). مەبەســـتی گـــانتەر هەریەک لەو وڵاتـــانەیە کە کوردیـــان بەســـەردا دابەشــکراوە، ئەم وڵاتـــانەش گشـــتیان کـــورد وەک فـــاکتەری ناســەقامگیری دەبیـنن بـۆ سـەر ئاسایشـی نـاوچەکە. هەرچەنـدە دۆخـی هەرێمـی کوردسـتان هەندێک جیـاوازترە لە کـوردی بەشـەکانی تـر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێگەی ئەو وڵاتانە بۆ ئەمریکا لە کورد گرنگترە[5].

وەک مایکـڵ نایـت دەڵێـت "کەیســـی کـــوردی عێـــراق هەمیشـــە بـــۆ ئەمەریکییـەکان کەیسـێکی بێوێنـە بـووە ئەویـش لەبەر بوونـی کوردێکـی زۆر لـــە تورکیـــا و ئێـــران و ســـووریا. بـــە پێچەوانـــەی کەیســـی باڵکـان (بەلقـان)، دروســـتبوونی دەوڵەتـــی کـــوردی لە وانەیە هەڵوەشـــاندنەوەی ســنوورەکانی چەنـد دەوڵەتێکـی تـری لێبکەوێتـەوە. ئەمـــەش ئـــەو شـــتە

بـوو کـە لــە باڵکان ڕووینــەدا، واتە کاتێـک یۆگۆسـلاڤیا هەڵوەشــایەوە، ســنووری دەوڵەتــە ئەوروپییەکانــی تــر گۆڕانیــان بەســەردا نەهــات. بــەڵام لــە خۆرهەڵاتــی ناوەڕاســت هەمیشــە ئــەو ترســە هەبــووە کــە ئەگــەر دەوڵەتــی کــوردی دروســت ببێــت ئــەوا چەنــد دەوڵەتێکــی تــر لەگەڵیــدا دەڕووخێــن. بۆیــە داکۆکــیی ســەرســەختانەی ئەمەریــکا لــە مانــەوەی عێــراق بــە یەکگرتوویــی زیاتــر پەیوەندیــی بــەو بڕوایــەوە هەیـە کـە ئاسـانترە بـۆ واشـنتۆن مامەڵـە لەگـەڵ یـەک دەوڵەتـدا بـکات، هەرچەنـد لاوازیـش بێـت وەک لــەوەی مامەڵــە لەگــەڵ چەند دەوڵەتێکی بچکۆڵـە و ناسەقامگیردا بکات. ئەمەریکییەکان دەڵێـن ئەگـەر کـورد ببێتـە دەوڵــەت ئــەی بــۆ بەســرە ئەو مافــەی نەبێــت" (شێروان حامد، ٢٠١٥، ل٨).

ئەی کەواتە چــی وادەکــات کە ئەمریکــا لە کــورد نــزیکببێتەوە؟ لە ڕاستیدا بەرژەوەندیی کورد و ئەمریکـا تـا ڕادەیەکی زۆر بەسـتراوەتەوە بەو پێشـهاتە سیاسییانەی کە لەنـاوچەکەدا ڕوودەدەن، بە تـایبەت ئاسـتی پەیوەنـدیی ئەمریکـا و ئەو وڵاتـانەی کە کوردیـان بەسـەردا دابەشـکراوە. واتە ئەو کاتانەی کە ئەمریکا دەیەوێت گوشار بخاتە سـەر تورکیا، ئێران، عێراق، سـووریا یان ڕێکخـراوە تیرۆریستەکان ئەوا هەوڵدەدات لە کورد نـزیکببێتەوە و سـوود لە فـاکتەری کورد ببینێت وەک کـارتێکی گوشـار لە دژی ئەو لایەنـانە. بـۆ نمـوونە لە ناوەڕاسـتی حەفتاکانـدا کاتێـک وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ویستی گوشـار بخـاتە سـەر حکومەتی بەعس کە ئەو کـات لە بەرەی یەکێتیـی سـۆڤیەت بـوو لە ڕێگـای ئێـرانەوە چەک و کــۆمەکی دەگەیانــدە کوردســتان لە دژی ڕژێمــی ئەو کــاتی عێــراق (Aftandilian, 2018). کەچـی کاتێـک ڕژێمـی شـا گەیشـتە ڕێککەوتـن لەگەڵ بەغدا لە سـاڵی ١٩٧٥ هەر یەکە لە ئێران و ئەمریکا پشـتیان کردە

کورد. ئیسرائیل و ئەمریکاش لەبەرئەوەی دۆستی ڕژێمی شا بوون وازیان لە کورد هێنا.

لە ڕاستیدا ئەم جۆرە سیاسەتەی واشنتن تا ئێستاش بەردەوامە بەڵام لە فۆرمی جیاوازتر. ئەوەی بینیمان لە ڕیفراندۆمی ٢٠١٧ ناکریت بڵێین بە هەمان ئاواز بوو، بەڵام هەر لەو چوارچێوەیەدا بوو. بۆ ئەمریکا پرسی گرنگتر هەن لە پرسی کورد بۆ نموونە کێشەی نێوان فەڵەستینی و ئیسرائیلییەکان، یان پرسی ئاشتیی نێوان سووریا و ئیسرائیل. بە پشتبەستن بەو تیۆرەی ئێمە بەکارمان هێناوە، دەکرێت پرسی ئابووریش ڕۆڵیان هەبێت لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان و ئەمریکا. وەک دەزانین لە دوای ٢٠٠٨ هەرێمی کوردستان گەشەسەندنێکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە لە بواری پیشەسازیی وزە و هەناردەکردنی، چەندەها کۆمپانیای نێودەوڵەتی لە هەرێمی کوردستاندا کار دەکەن کە لە نێوانیاندا کۆمپانیای ئەمریکیش هەن وەک چیڤرۆن و ئێکسن مۆبیل، کە دەکرێت هاوکار بن لە گۆڕینی ڕوانگە و ئاراستەی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و هەرێم. ئەمە بێجگە لەوەی کە ئێستا هەرێمی کوردستان دەستی کراوەترە لە ڕووی دبلۆماسییەوە بە ڕووی وڵاتانی جیهان، چەندەها وڵات ئێستا نوێنەرایەتییان لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، لە هەمان کاتدا هەرێمی کوردستانیش نوینەرایەتی لە بەشێکی زۆری وڵاتە کاریگەرەکانی جیهان هەیە.

بەیان سامی کە نوێنەری حکومەتی هەرێمە لە ئەمریکا دەڵێت، هەرێمی کوردستان ئێستا پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ ئەمریکییەکان هەیە. ئەو دەڵێت "بەشێکی باشی پەیوەندییەکانی خەڵکی ئەمەریکا لەگەڵ کورد

بــۆ قوربانییەکــانی پێشــمەرگە و شــەڕی پێشــمەرگە لە دژی داعــش دەگەڕێتەوە، ئەوەش ناوبانگی کوردی زیاتر کردووە. هەروەها هۆکارێکی تر، کردنەوەی باوەشی هەرێمی کوردستانە بۆ ئاوارەکان و بڕوابوون بە ئــازادیی ئــاینی. هەمــوو ئەوانە کاریگەرییــان هەبــووە لەســەر خەڵکــی ئەمەریکی، کە بە شێوەیەکی ئەرێنی سەیری کورد و هەرێمی کوردستان بکەن" (چاوپێکەوتن لەگەڵ بەیان سامی عبدالرحمان، ٢٠١٩/١١/٢٧). جۆن بـۆڵتن ڕاوێژکـاری پێشـووی ئاسایشـی نیشـتمانیی ئەمریکـا لە کتێبەکەیـدا باسی ئەوە دەکات، کە چۆن ترامپ بە ئەردۆگانی گوتووە کە "خەڵکێکی زۆر هەیە لە واشنتن کوردیان خۆش دەوێت" (Bolton, 2020, p. 182). بە جۆرێــک کە پــاش نیــو ســەدە زیــاتر، لەنــاو کــۆنگرێس و ناوەنــدە جیاوازەکانی سیاسەت لە ئەمریکا، لایەنگر و پشتیوانی دۆسیەی کورد و زۆر و ئاشــکران و ســەرۆکی کۆشــکی ســپی ڕاســتەوخۆ پەیوەنــدیی تەلەفونیی ئاشکرا لەگەڵ سەرکردە کوردەکان ئەنجامدەدات.

پرسێکی تر کە گوزارشت لە گرنگیی هەرێم دەکات بۆ سیاسـەتەکانی ئەمریکا ئەویە کە لە سەدەی بیست و یەک دۆستە خۆجێییەکان local partners ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینن لە ململانێ هەرێمییەکاندا (Aziz, 2019) . چ لە سـەردەمی ئۆبامـا و چ لە سـەردەمی تـرەمپیش سیاسـەتی پشتبەسـتن بە دۆسـتە خۆجێییەکـان یـان ئەوەی پێشـتر لە چوارچێـوەی بونیادنـان یـان گەشـەپێدانی توانـای دۆسـتان Building Partner Capability ئاماژەمـان پێدا میکـانیزمێکی سـەرەکی بـووە لە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت. کـورد لە هەر یەکە لە سـووریا و عێـراق ئەزمـوونی باشـیان هەیە لە کاردکردن لەگەڵ ئەمریکییەکان کە بێگومـان لە ئایندەشـدا ئەمریکا پێویستی هەر بەو هاریکاریەی کورد دەبێت لە عێراق و ناوچەکەدا.

لە ڕاستیدا بەرنامە و پلانەکانی ئەمریکا بۆ عێراق بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی، لە سەرووی هەموویانەوە لە ڕووی یەکخستن و ڕێکخستنی هێزی چەکدار و هاوکاریی دارایی و ئامادەکردن و ڕاهێنانی چەندین ڕاوێژکار لەم پرۆگرامانە چەند ساڵێکە دەستپێکردووە و بەردەوامیی هەیە. فازیل کوردی، وەک کەسێک کە لە ساڵی ١٩٩١ تا ٢٠١٨ لە نزیکەوە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکییەکان کاریکردووە دەڵێت، "لە هاوینی ٢٠١٨ لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی ئەو کات [نێچیرڤان بارزانی] و سەرۆکی هەرێمی ئێستا کۆبوومەوە بۆ کارکردن لەسەر ئەم پرۆگرامە [یەکخستن و ڕێکخستنی هێزی چەکدار] لەژێر ڕۆشنایی کوردستانی عێراق و کوردستانی سووریا کە خاوەن دوو هێزی چەکدارن و وێنەکراون لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانان بە دوو هێزی دژە-تیرۆر و ئاشتیپارێز دەناسرێن. "پێویستە بگوترێ کە لە ڕوانگەی ئەمریکا، کوردستان یەک ناوچەی جوگرافییە" ئەم تێڕوانینە زۆر گرنگە پێویستە وەبەرهێنانی لەسەر بکرێ، بەڵام تا ئێستا وەک پێویست کاری لەسەر نەکراوە (کوردی، ٢٠٢٠/٥/٢١) .

لە بواری سیاسەتی پەرەپێدانی دیموکراسیش کە سەردەمێک میکانیزمێکی سیاسەتی ئەمریکا بوو بە تایبەت لە سەردەمی جۆرج دەبلیو بۆش دیسان دەکرێت هەرێمی کوردستان گرنگی هەبێت بۆ ئەمریکا (Markakis, 2012, p. 2). چونکە هەرێمی کوردستان سەرەڕای کەموکوڕییەکانیش بەڵام لە ڕووی ئازادییە سیاسی و ئازادییە گشتییەکانەوە لە زۆربەی وڵاتانی دەوروبەر (بۆ نموونە، سووریا، تورکیا، ئێران و وڵاتانی کەنداو) باشترە. لە ڕاستیدا ئەمریکییەکانیش خۆیان ئەو ڕاستییە باش دەزانن کە لە ناوچەکەدا کورد لە گشت نەتەوەکانی تر ئامادەباشییان زیاترە کە کار لەگەڵ ئەمریکییەکان بکەن. نابێت ئەوەش لەبیر بکەین، کە بۆماوەی سێ دەیە دەبێت کە هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی

بەرچاوی لە بەهێزکردنی پێگەی ئەمریکا هەبووە لە عێراقدا، بە تایبەتیش لە جەنگی دژی تیرۆر (Wahab, 2020).

بۆیە پێدەچێت لە ئایندەدا ئەمریکییەکان زیاتر پێگەی خۆیان لە هەرێمی کوردستان قایم بکەن بە تایبەت کە لە عێراقدا هەوڵێک هەیە بۆ گوشار خستنەسەر ئەمریکییەکان کە عێراق بەجێبهێڵن. پەرلەمانی عێراق (کوتلە شیعەکان)، لە ٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٠، بڕیارێکی"ناپابەندی" ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کرد بۆ دەرکردنی هێزە بیانییەکان لە عێراق (Reuters, January 5, 2020). لە سەرێکی ترەوە دروستکردنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە هەولێر بەو قەبارە و گرنگیپێدانەی کە هەیە لە ئایندەدا گوزارشت لە هاوکاری و هەماهەنگیی زیاتر دەکات لە نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمریکادا (Kurdistan 24, April 23-2018.) ، بەڵام وەک وتمان ئەو پەیوەندییانە هەتا ئێستا چوارچێوەیەکی ڕیاڵیستانەیان هەیە کە پابەندە بە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی سیستمی هەرێمی و نێودەوڵەتی لە ناوچەکەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە بەرژەوەندیی ئەمریکا تا سەر وابەستەی ئەو سیستمە هەرێمییە بێت (لە ئایندەدا) کە هەیە.

## دەرەنجام

پەیوەندیی هەرێمی کوردستان و ئەمریکا ئەگەرچی باکگراوندێکی مێژوویی دووررودرێژی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ سالانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، بەلام لە ڕاستیدا پەیوەندییەکان چوارچێوەیەکی سنورداری هەیە. هەڵەیە ئەگەر بلێین ئەو پەیوەندییانە بە درێژاییی مێژوو گۆڕانکاری و پێشڤەچونیان بەخۆوە نەدیووە. لە پێش ١٩٩١ پەیوەندییەکانی کورد و ئەمریکا لە چوارچێوەی هاوکاری گرووپە چەکدارەکان سەیر دەکرا بۆ گوشار خستنەسەر ڕژێمی بەعس. لە دوایی ساڵی ١٩٩٦ تاوەکو ساڵی ٢٠٠٣ ئەمریکا لە چوارچێوەی پلانی گۆڕینی ڕژێمی سەددام پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەبەستێت، بە تایبەتیش لە ڕێگای هەردوو پارتی سەرەکی، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. بەلام لە دوای ٢٠٠٣ پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئەمریکا دەچنە قۆناغێکی دامەزراوەییەوە، چونکە هەرێمی کوردستان وەک کیانێکی سیاسی لە دەستووری نوێی عێراق جێگیر دەکرێت. ئەمریکا لە ٢٠٠٣ تاوەکو چرکەساتی نووسینی ئەو توێژینەوەیەش پاڵپشتی لە هەرێمی کوردستان دەکات وەک ئەوەی لە دەستووری عێراق جێگیرکراوە. هەرچەندە لە ٢٠١٤ پەیوەندیی هەرێمی کوردستان و ئەمریکا دەگاتە ئەوپەڕی هاوکاری و هەماهەنگی، بەلام ئەم هەماهەنگی و نزیکییەش دیسان لە چوارچێوەی تێکشکاندی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش دەبێت. بۆیە گرنگە لە پرسی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئەمریکا لەو هاوکێشەیە تێبگەین کە پەیوەندیی ئەمریکا و هەرێم بە درێژاییی مێژوو تا ئێستا هەمیشە لە چوارچێوەی پرسێکی تر و بابەتێکی تری هەرێمی یان نێودەوڵەتیدا بووە. ئەمریکا هەمیشە لە پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان ڕەچاوی پرەنسیپە ڕیالیستەکانی کردووە، بە تایبەتیش پاراستنی سیستم یان فۆرمی دەوڵەتی هەرێمی ( regional

(state system) و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی. ئەم هەڵوێستەی ئەمریکاشمان بە ڕوونی بینی لە کاتی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان لە ٢٠١٧/٩/٢٥.

**پەراوێزەکان:**

1 مایکل گانتەر یەکێکە لەو توێژەرە دیارانەی کە توێژینەوەی زۆری هەیە لە سەر کورد، دەڵێت ئەمریکا هیچ ستراتیجێکی و سیاسەتێکی دەرەوەی ڕوونی نییە بەرانبەر هەرێمی کوردستان و کێشەی کوردیش بە گشتی. بۆ زیاتر لەو بارەوە بڕوانە:

Gunter, M., (2011). Foreign Policy towards the Kurds, 13(٢)., p. 104.

2 لە ڕوانگەی مێرشایمەر سیاسەتی زلهێزەکان Great Power Politics بریتییە لە گەڕان بەدوای دەسکەوتنی زۆرترین بەش لە سیاسەتی جیهان. "[...] great powers seek to maximize their share of world power [...]" (p.140).

3بۆ سەردەمی پێش ساڵی ١٩٩١ ناچارین زاراوەی "باکووری عیراق" بەکاربێنین لە بری زاراوەی "هەرێمی کوردستان"، چونکە ئەو کات هەرێمی کوردستان وەک چوارچێوەیەکی سیاسی و یاسایی بوونی نەبوو.

4 هەرچەنـدە کینسـجەر کە ئەو کـات وەزیـری دەرووەی ئەمریکـا بـوو لە یاداشتەکانیدا ئاشکرای دەکات، کە سـەرۆک نیکسـۆن (١٩٦٩-١٩٧٤) هەوڵی بۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان داوە، بەڵام لیژنەکـانی کـۆنگرێس هێرشـی تونـدیان کردۆتە سەری و وەک هەوڵدانێک دژی بەرژەوەندیی ئەمریکا بینیویانە. بڕوانە بڕوا بەرزنجی، ڕۆژنامەی ئاوێنە ٢٠١٩/١٢/٢٩، پەیوەندیی کورد و ئەمریکا بە گێڕانەوەی کیسینجەر.

5 هەڵبەتە ئەگەری سەیری سیاسـەتەکانی ئیدارەی دۆناڵد ترامپیش بکەین بە تـایبەت لە سـووریا و عێراقـدا، ئەوەمـان بـۆ دەردەکەوێـت کە پێشـینەی بەرژەوەنـدی بـۆ وڵاتـانی نـاوچەکەیە نەک بـۆ کـورد. بـۆ نمـوونە هێزەکـانی سووریای دیموکرات سەرەڕای ئەو هەموو قوربانی و هاوکارییەی پێشکەش بە ئەمریکییەکانیـان کرد بەڵام دواجـار ترامـپ لە نێوان تورکیـا و کـورد، تورکیـای هەڵبژارد، جۆن بۆڵتن لە کتێبە تازەکەیدا The room where it hapened بە ئاشکرا باسی مەرایی ترامپ دەکات بۆ تورکیا. بۆ زیاتر بڕوانە: Bolton, J. (2020) *The Room Where it happened A white House Memoir*. Simon & Schuster.

## سەرچاوەکان:

### یەکەم/ سەرچاوە بە زمانی کوردی


- بەرزنجی، بروا ، ڕۆژنامەی ئاوێنە ٢٠١٩/١٢/٢٩، پەیوەندی کورد و ئەمریکا بە گێڕانەوەی کیسینجەر.

- چاوپێکەوتن لەگەڵ نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا، بەیان سامی عبدالڕەحمان، ١١/٢٧/ ٢٠١٩ سازدانی: شوان بەرزنجی، هەفتەنامەی باس.

- کوردی، فازیل ، ٢٠٢٠/٥/٢١. ئایا ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان بێهیوابووە، کێ ڕێگریکرد مایکرۆسۆفت لە هەولێر کار بکات؟ کوردستان تایمز<< https://kurdistantimes.org/2020/05/21/%D8%A6%D8%A7%DB%8C%D8%A7-%D8%A6%DB%95%D9%85%D8%B1%DB%8C%DA%A9%D8%A7-%D9%84%DB%95-%D9%87%DB%95%D8%B1%DB%8E%D9%85%DB%8C-%DA%A9%D9%88%D8%B1%D8%AF%D8%B3%D8%AA%D8%A7%D9%86-%D8%A8%DB%8E%D9%87%DB%8C%D9%88/ >>. ڕێکەوتی سەردانیکردن [ ٢٠٢٠/٥/٢٢].

- حامد، شێروان ، ٢٠١٨، ململانێی ئیتنیکی کورد-عەرەب لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکادا. ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، زنجیرە ٥٣.

## دووەم/ سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی


- Aftandilian, G., (2018) Is there a U.S policy Toward the Kurds in Iraq and Syria? Arab Center Washington DC. Available at <<http://arabcenterdc.org/policy_analyses/is-there-a-us-policy-toward-the-kurds-in-iraq-and-syria/>>. [Accessed 20/3/2020].

- Arıkanlı, Z., (2010). British Legacy and Evolution of Kurdish Nationalism in Iraq (1918-1926): What Significance the Mosul Question. *Alternatives: Turkish Journal of International Relations*, *9*(4), available at <<https://www.files.ethz.ch/isn/146154/ME16.pdf>>. [Accessed 25/3/2020].

- Aziz, S., (2019). The US-Kurdish Relations in Iraq after Syria. Washington institute, available at <<https://www.washingtoninstitute.org/fikraforum/view/the-u.s.-kurdish-relationship-in-iraq-after-syria>>. [Accessed 20/3/2020].

- Bolton, J. (2020) *The Room Where it happened: A white House Memoir*. Simon & Schuster.

- Bordenkircher, E., (2020). Pivoting to the KRG: Restructuring the U.S. Military Presence in Iraq. The Washington Institute for Near East Policy. Available at << https://www.washingtoninstitute.org/fikraforum/view/pivoting-to-the-krg-restructuring-the-u.s.-military-presence-in-iraq>>. [Accessed 20/3/2020].

- Borsari, F., (2019). Institutionalisation of the Peshmerga: tipping the balance of Iraq’s stability. Middle East Research Institute (MERI). Available at <http://www.meri-

k.org/publication/institutionalisation-of-the-peshmerga-tipping-the-balance-of-iraqs-stability/>. [Accessed 20/3/2020].

- Brands, H. and Palkki D. (2012) "Conspiring Bastards": Saddam Hussein's Strategic View of the United States. Diplomatic History, Vol. 36, No. 3 (JUNE 2012), pp. 625-659. Available at <https://www.jstor.org/stable/44376191>. [Accessed: 29-03-2020].

- Burchill. S., Linklater, et al. (2013). Theories of international relations. Macmillan International Higher Education.

- Charountaki, (2015) The Kurds and US foreign policy: international relations in the Middle East since 1945.

- Christopher, L. (2009) 'America's Middle East grand strategy after Iraq: the moment for offshore balancing has arrived.' Review of International Studies 35.01.

- Denzin, N. (ed.), (2007) The SAGE handbook of qualitative research. 3. ed., SAGE Publications, Thousand Oaks.

- Erlich, R. (2017) "Kurds didn't Get Independence, US Support or even Democracy", contributors, (Nov. 6), pp. 9–11.

- Gibson, B. (2019). The Secret Origins of the U.S.-Kurdish Relationship Explain Today's Disaster. Foreign Policy. Available at <<https://foreignpolicy.com/2019/10/14/us-kurdish-relationship-history-syria-turkey-betrayal-kissinger/>>. [Accessed 27/3/2020].

- Gunter, M., (2011). Foreign Policy towards the Kurds, 13,(٢).

- Hussain, M., (2020). Secret Iranian Spy Cables Show How Qassim Suleimani Wielded His Enormous Power in Iraq. Available at <https://theintercept.com/2020/01/05/secret-iranian-spy-cables-show-how-qassim-suleimani-wielded-his-enormous-power-in-iraq/>. [Accessed 23/3/2020].

- Katzman, K., (2003). Iraq: U.S. Regime Change Efforts and the Iraqi Opposition. Congressional Research Service. Available at <<https://www.everycrsreport.com/files/20030210_RL31339_8714e3b55291f450b9620f06725034a31ec7a99c.pdf>>. [Accessed 23/3/2020].

- Kissinger, H., (1979). White House Years (Boston: Little, Brown).

- Kissinger, H., (1982). Years of Upheaval (Boston: Little, Brown).

- Kissinger, H., (1999). Years of Renewal (New York: Simon & Schuster).

- Kurdistan 24, April 23-2018. US, KRG lay cornerstone for new Consulate building in Erbil. Available at <<https://www.kurdistan24.net/en/news/b21d01ec-f2c1-4639-a5a7-03abb834371d>>. [Accessed 21/3/2020].

- Little, D., (2010), The United States and the Kurds: A Cold War Story, in: Journal of Cold War Studies, Vol. 12, No. 4, Fall 2010, pp. 63-98, available at: <http://hdiplo.org/reviews/PDF/AR302.pdf> [Accessed 21/12/2019]

- Markakis, D., (2012). US Democracy promotion in the Middle East: The pursuit of Hegemony. London School of Economy and political Science. PhD thesis.

- Max Fisher, (Aug 8, 2014). Obama's message to ISIS: Stay out of Kurdistan, but the rest of northern Iraq is all yours. Vox, available at << https://www.vox.com/2014/8/8/5982275/obamas-implicit-bargain-with-isis-for-iraq>>. [Accessed 23/3/2020].

- McInnis, K.J. and Lucas, N.J., (2015). What Is Building Partner Capacity Issues for Congress. LIBRARY OF CONGRESS WASHINGTON DC WASHINGTON DC. Available at <<https://fas.org/sgp/crs/natsec/R44313.pdf>>. [Accessed 15/5/2020].

- Mearsheimer, J., (2001) The Tragedy of Great Power Politics, W. W. Norton & Company, New York.

- Obama’s Full Speech on ISIS, 2014-09-10 [video], New York, The New York Times. Available at <<https://www.nytimes.com/video/world/middleeast/100000003107090/obama-addresses-the-nation-about-isis.html>>. [Accessed 20/3/2020].

- Reuters, (January 5, 2020). Iraqi parliament backs government push to expel foreign troops <https://www.reuters.com/article/us-iraq-security-parliament/iraq-parliament-to-convene-amid-calls-to-expel-us-troops-idUSKBN1Z407Z>. [Accessed 21/3/2020].

- Seale, C., (2011), Secondary Analysis of Qualitative Data, in: Qualitative Research (ed. D. Silverman), 3rd ed., pp. 347-364, SAGE Publications, London.

- Shareef, M., (2014), US, Iraq and the Kurds: Shock, Awe and Aftermath, New York, Routledge.

- Shukri, N., (2017). Explaining U.S foreign policy Towards Kurdistan Region of Iraq (2003-2015). PhD thesis submitted for the degree of Doctor of Philosophy at the University of Leicester.

- Stansfield, G. 'Iraqi Kurdistan: An Analysis and Assessment of the Development and Operation of the Political System' (Doctoral thesis, Durham University, 2010), <http://etheses.dur.ac.uk/1205/1/1205.pdf >[accessed January 27, 2020].

- Stoni, M., and Bin Yatiban, A., (2019). The relationship between the U.S. and Kurdistan region-Iraq post referendum. University Journal for Social Science. V23 No 4.

- Tristam, P., 2019. U.S. Policy in the Middle East: 1945 to 2008. Available at <<https://www.thoughtco.com/us-and-middle-east-since-1945-2353681>>. [Accessed 25/3/2020].

- Wahab, B., 2020. Divisions in Iraqi Kurdistan Are Costing the United States a Reliable Partner. *The Washington Institute for Near East Policy*. Available at << https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/view/divisions-in-iraqi-kurdistan-are-costing-the-united-states-a-reliable-partn>>. [Accessed 10/10/2020].

- Wittkopf, E.R., Jones, C.M. and Kegley Jr, C.W., (2007). *American foreign policy: Pattern and process*. Cengage Learning.

**ملخص:**

العلاقة بين الولايات المتحدة والكورد قد كانت دائما محل تعقيدات كثيرة. السؤال الرئيسي لهذه الدراسة هو معرفة شكل هذه العلاقات بين حكومة إقليم كردستان والولايات المتحدة مابين عامي ١٩٩١ و٢٠٢٠؟ هل هناك سياسة أمريكية محددة تجاه حكومة إقليم كردستان؟ للإجابة على هذه السؤال، اعتمدنا على نظرية الواقعية البنيوية، وخاصة مفهوم الواقعية الهجومية التي طورها جون ميرشايمر، وكذلك المدرسة الإنجليزية. إذ تشكل الواقعية الهجومية أهميتها لكونها تسهل معرفتنا بسلوك القوى العظمى، كالولايات المتحدة الامريكية، أما المدرسة الإنجليزية فهي تساعدنا على فهم المجتمع الدولي والنظام الدولي لكون إقليم كوردستان يقع ضمن اطار المجتمع الدولي ونظام السياسة الدولية.

وقد توصل البحث الى استنتاج أنه حتى الآن لا توجد سياسة أو استراتيجية واضحة ومحددة من قبل للولايات المتحدة الامريكية تجاه حكومة إقليم كردستان. حيث تعاملت الولايات المتحدة دائما مع حكومة إقليم كردستان من خلال ربطها بقضية (ثالثة) أخرى. لذلك، من المهم أن نعرف أن علاقات الولايات المتحدة مع حكومة إقليم كردستان عبر التاريخ كانت دائما تتباحث في هامش قضايا أخرى. لطالما اتبعت الولايات المتحدة سياسة النهج الواقعي تجاه إقليم كوردستان فانها تنظر بعين الاعتبار الى التمسك بالأطر والأعراف الدولية في حماية النظام الإقليمي والدولي.

**Abstract:**

The relation between the U.S and Kurds has always been problematic. The main question of this study is to address what type of relations are between KRG and U.S? Is there a specific U.S policy towards KRG? To answer these questions, we have depended on the theory of Structural Realism, especially the concept of Offensive Realism which has been developed by John Mearsheimer on the one hand, and the English school on the other hand. Offensive realism can be helpful to understand the behaviour of great powers, such as the U.S., and English school to understand international community and international order.

It has been concluded that, so far there is no direct U.S policy or strategy towards the KRG. The U.S interaction with the KRG has always been identified by specific interested and indirect (third) issue. Therefore, it is important to know that the U.S- KRG relation throughout its history has always been linked to another issue, especially the domestic changes in Iraq and regional developments in the Levan and Persian Gulf. The U.S has always followed its realistic approach in its relations with KRG, in particular in protecting the regional state system and international order.